ڕەواز فایەق دەڵێت: تانەدان لە بەیارەکانی دادگای فیدراڵی پێویستی بە توژینەوەی هەمەلایەنەیە

ڕەواز فایەق دەڵێت، تانەدان لە بەیارەکانی دادگای فیدراڵی پێویستی بە توژینەوەی هەمەلایەنەیە، ناکرێت حزب و لایەنی سیاسی سەرکەشی بە شایستەی هاوڵاتیانی هەرەمی کوردستانەوە بکەن، لە پناو دەستکەوتی چەند ڕۆژی یان چەند کاتژمێری.

د. ڕەواز فایەق، سەرۆکی خولی پێشوی پەرلەمانی هەرەمی کوردستان لە هەژماری ئەکسی تایبەتی خۆی نوسیویەتی، تانە پێشکەش کردن لەبەردەم دادگای ئیتیحادی، وردەکاریی و لەوردبونەوە و کار و ماندوبونی زۆر و دیراسەکردنەکی هەمەلایەنەی ئەوەت.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لە سەرەتایییترین خاڵەکانی لەوردبونەوەش بابەتی تایبەتمەندی و دەسەڵاتکانی دادگاکەیە، کە لە ماددەی 93ـی دەستوری عەراقی بە ڕون و ڕەوانی دەقنوسکراوە.

ئەوەشی خستوەتەڕوو، ناکرێت کەس و حیزب و لایەنی سیاسی سەرکەشی بە ماف و شایستەی هاوڵاتیانی کوردستانەوە بکەن، و وەرەقەیەکی بەهێزی وەرگرتنەوەی ماف، بەهەی نەزانی، ناشارەزایی و دەسکەوتی چەند ڕۆژی و بگرە چەند کاتژمێریەوە بسوتێنن.